# ریوایەتە لاوازو هەڵبەستراوەکان لەسەر رۆژوو و رەمەزان

پێویستە لەسەر موسوڵمان کە تەئکید لەسەر ڕیوایەتی فەرموودە بکات و سور بێت لەسەر فەرموودە ڕاستەکان، وە دوور بکەوێتەوە لەفەرموودەی لاواز و دانراو و درۆ . وە زانایانی فەرموودە بەباشترین شێوە هەوڵیان داوە بۆ جیاکردنەوەی فەرموودەی ڕاست لەلاواز٠

وە لەبارەی مانگی ڕەمەزانەوە چەند فەرموودەیەکی لاواز بڵاوبوونەتەوە لەنێو بانگەوازی کاران و وتار بێژان و خەڵکدا ، لەبەر ئەوە پێویستە ئاگاداری ئەم فەرموودانە ببین لەوانە :

١ـ فەرموودەی (( صوموا تصحوا )) واتە: بەڕۆژو بن لەش ساغ دەبن. فەرموودەیەکی لاوازە هەرچەندە ماناکەشی راست بێت !٠ زانای فەرمودەناس( العراقی ) لە (تخريج الإحياء) (٣ / ٧٥) دا دەفەرمووێت:

(طبراني) ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت کردووە لەکتێبی ( الأوسط )دا . ( أبو نعيم )لەکتێبی ( الطب النبوي )دا، لە(أبو هريرة )وە، بەسەنەدێکی لاواز ڕیوایەتی کردووە ٠

٢ ـ لە سەلمانی فارسیەوە ڕیوایەت کراوە کە فەرموویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) لەڕۆژی کۆتایی لەمانگی شەعبان وتاری بۆ داین و فەرمووی : (( ئەی خەڵکینە وا مانگێکی گەورە باڵی بەسەرتاندا کێشا ، مانگێکە شەوێکی تێدایە خێترە لەهەزار مانگ ، خوای گەورە ڕۆژوەکەی کردۆتە پێویست ( فەرز ) و نوێژ کردن لەشەوەکەیدا کردۆتە سوننەت ٠ هەر **کەسێك خێرێك بکات لەو مانگە ئەوە وەکو فەرزێکی کردبێت جگە لەو مانگەدا وەهەر کەسێك فەرزێك بەجێ بگەیەنێت ئەوە وەکو ئەوە وایە حەفتا فەرزی بەجێ گەیاندبێت لەمانگەکانی تردا ٠** ئەم مانگە مانگی ئارام گرتنە وە ئارام گرتنیش پاداشتەکەی بەهەشتە ٠ وە مانگی ئاشت بوونەوەیە مانگێکە کە ڕزقی باوەڕداری تێدا زیاد دەبێت ، وە هەر کەسێك خواردن بدات بە مرۆڤی بەڕۆژوو ڕۆژووەکەی لا بشکێنێت ئەوا خوای گەورە لەتاوانەکانی خۆش دەبێت٠ وە ئازاد دەکرێت لە ئاگر، وە هەروەها پاداشتی ئەو کەسەی هەیە کە بەڕۆژوو بووە بەبێ ئەوەی کە

لەپاداشتەکەی کەم بێتەوە ، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا هەمووممان ئەو خواردنەمان دەست ناکەوێت کە بیدات بەو کەسەی کە بەڕۆژووە ؟.

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی ئەو پاداشتە دەدرێتە هەر کەسێك کە ئەگەر شیر یان خورما یان قومێك ئاو بدات بە ڕۆژووەوان ٠ وە هەر کەسێك ڕۆژووەوانێك تێر بکات خوای گەورە لەحەوزی کەوسەر ئاوی دەداتێ کە تینوی نابێ هەتا دەچێتە بەهەشت ، وە ئەم مانگە **مانگێکە سەرەتاکەی ڕەحمەتە و ناوەڕاستەکەی لێ بووردنە و کۆتایەکەشی ڕزگار بوونە لە ئاگر** ، لەبەر ئەوە چوار شت زۆر بکە لەو ڕۆژەدا " دوو شت لەوانە خوای پێ ڕازی دەکەن وە دوو شتەکەی تریش لێی بێ پێویست نابن ٠ وە ئەو دوو شتەی کە خوای پێ ڕازی دەکەن بریتییە لە شایەتی دان بە ( لا اله الا الله ) و داوای لێبوردن کردن لە خوا ٠ بەڵام دوو شتەکەی تریش کە لێی بێ پێویست نابن بریتییە لەداوا کردنی بەهەشت و پەنا گرتن بەخوا لە ئاگر)) .

ئەم فەرموودەیە( منكر)ە چونکە لەسەنەدەکەیدا (علی بن زید بن جدعان) هەیە ٠ وە فەرموودەیەکی لاوازە هەروەکو ئیمامی أحمد ئاماژەی بۆ کردووە ٠ وە ئیمام ابن خزیمە دەڵێت : ( لا احتج به لسوء حفظه ) ٠

٣. ئەگەر مانگی ڕەجەب دەهات پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو : (( اللهم بارك لنا في رجب وشعبان وبلغنا رمضان )).

ضعيف : رواه البزار فى سنده والطبراني في الاوسط والبيهقي في فضائل الأوقات عن أنس وضعفه ابن حجر في تبيين العجب(٣٠-٣٢) ٠

٤. (( هەر کەسێك ڕۆژویەك بشکێنێ لە ڕەمەزاندا بەبێ عوزر و نەخۆشی ، ئەگەر ساڵەکە هەمووی بەڕۆژو بێت جێگەی ئەم ڕۆژوەکە ناگرێتە وە )) ٠

رواه الترمذى و أبو داود وهو ضعيف وذكر ابن حجر في فتح الباري ( ٤ / ١٦١ ) أن هذا الحديث فيه ثلاث علل.

٥. (( ئەگەر بەندەکان بیان زانیایە چی لەڕەمەزاندا هەیە ئەوە نەتەوەکەم ئاواتی دەخواست کە ساڵەکە هەمووی ڕەمەزان بووایە ، پیاوێك لەتیرەی خزاعە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا بۆمان باسی بکە ، پێغەمبەریش فەرمووی : بەهەشت لەسەرەتای ساڵەوە تا کۆتایی خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ ڕەمەزان ، وە ئەگەر یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان هات بایەك هەڵدەکات لەژێر حەرشەوە وە گەڵای بەهەشت دەوەرێنێت و حۆرییەکان سەیری ئەمە

دەکەن و دەڵێن: ئەی خوایە هەندێك لەبەندەکانت لەو مانگەدا بکە بە مێردی ئێمە بۆئەوەی دڵمان پێیان ئارام بگرێ و ئەوانیش دڵ ئارام بن بە ئێمە ٠ لەبەر ئەوە هەر کەسێك ڕۆژێك لەو مانگە بەڕۆژوو بێت ئەوا خوای گەورە ئافرەتێکی لە( حور العین ) دەداتێ ـ کە لەناو خێوەت دان ـ کە خوا ڕازاندونیەوە:

(حور مقصورات في الخيام) سورة الرحمن / ٧٢

هەر ئافرەتێك حەفتا خشڵی پێوەیە کە هیچیان ڕەنگیان لەوی تر ناچێت ٠ وە حەفتا بۆنیان پێ دراوە کە بۆنی هیچیان لەیەکتر ناچێت ٠

٦. (( خەوتنی ڕۆژەوان خوا پەرستیيە و بێ دەنگیيەکەی تەسبیحاتە وە کردەوەکەی دوو قاتە و پاڕانەوەکەی گیرایە و تاوانەکەی بوردراوە )).

رواه ابن منده والبيهقي وضعفه العراقي في إحياء علوم الدين ( وانظر ضعيف الجامع / ٥٩٧٢ / ص ٨٦ .

هەروەها لەبارەی شەوی جەژنی ڕەمەزان و ڕۆژەکەیەوە چەند حەدیسێکی دانراو بەدەم پێغەمبەرەوە هاتوون، لەوانە:

١. حەدیسی : (هەرکەسێ لە شەوی جەژنی ڕەمەزاندا سەد ڕەکعەت نوێژ بکات وە لە هەر ڕەکعەتێك سورەتی (الحمد لله) جارێك و (قل هو الله احد)یش جارێك بخوێنێت......هەتا کۆتایی)[1] .

٢. وە حەدیسی : (هەرکەسێك لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا دوای نوێژی جەژن چوار ڕەکعەت بکات ، وە لەسەرەتای ڕەکعەت دا سورەتی فاتحە بخوێنێ ...ئەوە وەکو ئەوە وایە کە هەموو ئەو کتێبانەی خوێندبێتەوە کە خوای گەورە بۆ سەر پێغەمبەرەکانیدای بەزاندوون)[2] .

٣. وە حەدیسی : (سوننەتە دوازدە ڕەکعەت نوێژ کردن لە دوای جەژنی ڕەمەزان وە شەش ڕەکعەتیش لە دوای جەژنی قوربان)[3] .

٤. وە حەدیسی: ((هەرکەسێك ئەم چوار شەوە زیندوو بکاتەوە بە خوا پەرستی ئەوە بەهەشتی بەدەست هێناوەو مسۆگەری کردووە:

لیلة الترویة ، وە شەوی عەرەفە، لیلة عرفة و شەوی جەژنی قوربان (لیلة النحر) و شەوی جەژنی ڕەمەزان (لیلة الفطر )) (سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة) رقم (١٥٠) هەڵبەستراوە.

---

(١) ((ابن الجوزي))لە (الموضوعات) (٢/١٣٠/١٣١) وەئیمامی (الشوكاني) لە کتێبی (الفوائد المجموعة)صـ٥٢ ، حـديث رقـم (١٤٩) فەرموودەیەکی دانراوە (الموضوع).

(٢)سەیری ((الموضوعات)) (٢/١/١٣١/١٣٢) لابن الجوزي ، والفوائد المجموعة حديث رقم (١٥٠).للشوكاني بکە.

(٣) ((الفوائد المجموعة )) للشوكاني ، حديث رقم (١٥١)بکە.